

# فرمێسکی تەنیایی

سەلام عومەر

پاڵم بە کێلی گۆڕێکەوە داوە کە مێژووی لەدایکبوون و شەهیدبوونی لەسەر نووسراوە، ئەو تاقانەیە تەنیا حەڤدە ساڵ ژیاوە، وەلێ بایی سەدەیەک حیکایەتی سەرکەوتنی جێ هێشتووە، چاوم کەوتووەتە سەر ناوی پشکۆ و هەموو گیانم دەلەرزێ، پشکۆ ئاسا جەرگم داغ دەکات و چززە لە هەستم هەڵدەستێنێ، چیرۆکەکانی منداڵیمان بەهەموو گومانەکانەوە خۆیان بە یادەوەریمەوە هەڵواسیوە و موچوڕکێک تەواوی دەمارەکانم سڕ دەکات، بەداخەوە بە لاویەتی دۆزیمەوە و لەنێو خوێندا هەڵمگرتەوە، هێشتا برینی ڕانەکانم سارێژ نەبوون، کەچی هەست بە برینی تەنیایی نێو دڵم دەکەم، تەنیاییيەک پێدەچێ بۆ تاهەتایە فرمێسک ببارێنێ و بەرۆکم بەرنەدات.

❋ ❋ ❋

ئەو ڕۆژەی یەکەم ددانی شیریم لەقی، لە ترسان نانم بۆ نەخورا، هەر پەنجەم تێوەردەدا و هەستم بە خوران دەکرد، کەمێک ئازاری هەبوو، وام دەزانی ئیدی هەتاهەتایە کەلێن دەکەوێتە نێو دەممەوە، ڕێک وەک ئەو کون و کەلێنانەی دوای گەورەبوونم هەستم پێ کردن، ئەو کەلێنانەی هێشتا بۆم پڕ نەکراونەتەوە و دەشێ ئیدیشیان بەدوادابێ، دایکم زۆر هەوڵی دا، نەمتوانی یەک پارووش بجووم، بە برسیەتی مامەوە تا برا گەورەکەم هاتەوە، کە دیتی دایکم پەرێشانە و منیش برسیمە و ناوێرم نان بخۆم، هاتە لام و پەنجەیەکی لە ددانە لەقیوەکەم دا، گوتی: هیچی وای نەماوە ڕایکێشە دێتە دەرێ، بەو قسەیە هەر زراوم چوو، دەمم داخستەوە و نەمهێشت کەسی دی پەنجەی لێدا، دەمگوت نابێت ددانم بکەوێ، ئاخر وەک ئەوانی دی پێم دەڵێن کەلۆس، چەندی پێیان گوتم بابە ئی هەموو کەس وایە،

قسەی یەکیشیانم وەرنەگرت، چونکە زۆر دەترسام، تا بابم هاتەوە، بارودۆخەکەیان تێگەیاند و لێم نزیک بووەوە و گوتی: کوڕم وەرە ئەوە کێ پێی گوتوویت دەبێت ڕایکێشی نابێت تووشی خوێن بەربوون دەبی، وەرە بەداوێک بۆت لە ددانەکانی دی دەبەستمەوە و دوو ڕۆژی دی دەچێتەوە جێی خۆی و چا دەبێ، بە قسەی خۆش و بەقوربانت بم چۆن دێڵم ئازارت پێ بگا دەمی پێ کردمەوە، زۆر بە هێواشی و بەبێ ئەوەی هیچ ئازارم هەبێ دەزوویەکی هێنا لە ددانەکەی بەست، ئەوجا گوتی: کوڕم خۆ ئازارت نەبوو؟

گوتم: نا

گوتی: باشە دەمت زیاتر لێککەوە تا بەوانی دییەوەی ببەستمەوە، هەرکە دەمم لێککردەوە بابم بەهەموو هێزی خۆی ددانەکەی ڕاکێشا و دەریهێنا، منیش ئازارم هەبوو، بەڵام زۆر کەم، لە چریکەم دا و دەرپەڕیم، دایکم و خوشکم و براکەم و بابم لە جیاتی ئەوەی خەمی منیان بێت پێدەکەنین، زۆرم پێ سەیر بوو! خوێن بەدەممەوە بوو، ئەوانیش لە پێکەنینان لەخۆچووبوون، داوەکەی بەدەست بابمەوە بوو هێشتا ددانەکەی پێوەبوو، هات و گوتی: کوڕم مەگری ئەوە ددانی شیرییە، ئی هەموومان کەوتووە و ئی تۆش دەکەوێ و ئی نوێ دێتەوە، ددانەکەی دامەوە و گوتی: بڕۆ لەبن گڵی بنێ، ڕۆژی قیامەتێ دەیانەوێتەوە، دایکیشم هەمان قسەی دووبارە کردەوە، ئەمنیش پێم گوتن: باشە ئەگەر ددانی نوێ لەجێی بێتەوە ئەو ددانە وردیلەیەم بۆ چییە، یان شۆخیم لەگەڵ دەکەن و ئیدی ئەو کەلێنە هەتاهەتایە لەنێو دەمم دەبێت، ئەوانیش دڵنیایان کردمەوە کە ئیدی دێتەوە و بڕۆ بیشارەوە، منیش چووم لەنێو کەلێنی دیوارێکی گڵدا شاردمەوە، زۆر ئازارم نەبوو، بۆیە هەر ئەوکات دایکم چێشتی بۆ تێکردم و گوتی: بە ئاوی گۆشتی بیخۆ و تا ئێوارەش شتی ڕەق مەخۆ، زۆرم پێ سەیر بوو، بۆشاییەک کەوتبووە نێو دەمم، پێیان دەگوت کەلۆس، خۆ تەنیا یەک ددانم کەتبوو، کەچی هەستم بە بۆشاییەکی زۆر دەکرد، بە زمانیشم کە لە قوڵتایی پووکم دەدا، هەستم بە شتێکی تیژ دەکرد و دایکم دەیگوت ئەوە ددانە نوێیەکەیە سەری دەرهێناوە، ئەوجار بەهۆی ئەم بۆشاییەوە لە قسەکردندا وشەی سینم بۆ نەدەهات، وام دەزانی کەلۆس یانی فسە زمان، زۆری پێنەچوو ددانەکەم هاتەوە و چابوومەوە.

* * *

ساڵێک تێپەڕی ماڵێک هاتنە جیرانمان، کوڕێکی هاوتەمەنی منیان هەبوو، دنیایەک دڵمان بەیەکتری خۆش بوو، چونکە هەم منی لە تەنیایی ڕزگار کرد و هەم خۆیشی، ئەو کوڕە کە زۆر ناسک بوو، تاقانەی دایک و بابی بوو، بۆیە زۆریان ناز دابوویێ و هەمیشە چاودێرییان دەکرد.

ڕۆژێک بە تەنێ لە کۆڵانێ گەمەمان دەکرد، هەلوکێن یەک لەو گەمانە بوو کە خوومان پێوە گرتبوو، لەنێو گەماندا بووین، کە من دارێکی درێژم بە دەستەوە بوو، لەو دارە گچکەم دا کە لەسەر بەردێک دامنابوو، برادەرەکەم دەبوو پێش ئەوەی دارە گچکەکە بگاتە زەوی، ئەو لێی داتەوە، کەچی خلیسکا و هەردوو ناو لەپی دەستی ڕووشان، دارەکەی خۆیشی لەدەست بەربووەوە، زیقەی لێ هەستا و دایکی هاتە دەرێ، کە دیتی ئەمن وەک پاڵەوان بەرانبەری ڕاوەستاوم و ئارەقەش بە نێوچەوانمدا دێتە خوارێ، بەبێ ئەوەی پرسیار لە هۆکارەکەی بکات لە من توورە بوو و منداڵەکەیشی بردەوە ژوورێ، هێندەی پێ نەچوو منداڵی تاین هاتەوە کۆڵانێ و دەستمان بەگەمان کردەوە.

کۆڵان ئەو شوێنەی لە قوتابخانەکەی ماڵێ و لە مامۆستایانیش زیاتر لێی سوودمەند

بووم، کۆڵانێک کە دەڕژێتە نێو یادەوەریمەوە گریانم دێ، یارییەکانی ئەو کاتم بیر دێنەوە و تەزوویەک لە بنی پێمەوە دێت و لە تەپڵی سەرم دەردەچێ، هەموو منداڵەکان بەیەکەوە وەک یەک خێزان خۆشیمان لە چوونە کۆڵان وەردەگرت، نازانم بۆ ماڵەوە بووبووە زیندان هەرکە دەچووینە کۆڵان وەک ئازاد بووبین وابوو، باڵەفڕەمان دەکرد و زۆر جاران هەر لەخۆوە دەمانچریکاند، کۆڵانێک پڕ لە درەخت و دەنگی چۆلەکەکان ئارامی دەکردینەوە، مریشک و کەڵەبابەکانی وێ بووبوونە هاوڕێمان، لێمان نەدەترسان و بە ئارەزووی خۆیان چینەیان دەکرد، هەروەک ئێمەش سەربەستانە گەمانمان دەکرد، هێشتا قوتابخانەمان نەدیبوو، بۆیە ماڵەوەمان بەزیندان دادەنا و کۆڵانیش ئازادی، کوێراییم دایە زۆر زوو گەورە بووین.

بابێینەوە سەر چیرۆکەکەی خۆمان، زستان داهات و هێشتا لەگەڵ ئەو برادەرەم لە کۆڵانێ گەمانمان دەکرد، بیرمە بەفر چۆکێک کەوتبوو، لە کۆڵانێ شەڕە بەفرێک بوو ئەوسەری دیار نەبوو، لە سەربانەکان کوڕانی گەڕەک لەگەڵ جیرانەکان شەڕە تۆپەڵیان دەکرد، تۆپەڵە بەفر بە بناگوێماندا ویزەی دەهات، کچەکان دەهاتن و بەفر و دۆشاویان دەخوارد، سەرنجیشیان دەچووە سەر کوڕە دڵخوازەکانیان، ئەوانیش زۆر جاران دەیانکردنە نیشانە و زیقەیەکی ناسک ئۆخژنی دەدایە لاوەکان، خۆ هەندێک جاریش لە جیاتی تۆپەڵە بەفر نیگایان لە یەکتری دەگرت و ئەو نیگایانە جەستەی لاوەکانی دەکردە پشکۆ، ئێمەی منداڵیش بەهۆی ڕاکە ڕاکی نێو بەفر، بەو سەرمایە عارەقەمان کردبوو، وەلێ دەست و لاقمان تەزی بوون، من و برادەرەکەشم شەڕەبەفرمان دەکرد، بەڵام تۆپەڵەکانی ئێمە هەم گچکە، هەم شل بوون، چونکە دەستمان تەزیبوو نەماندەتوانی بەباشی بیگوشین، لەو کاتەدا تۆپەڵێک هات و بەبنا گوێی برادەرەکەم کەوت و زیقەی گەیشتەوە ماڵێ، باب و دایکی هاتن، کە دیتیان ئەوە من تۆپەڵێک بەفرم بەدەستەوەیە و بەرانبەری ڕاوەستاوم، ئارەقەش بە تەوێڵمدا دێتە خوارێ، وایانزانی من لێم داوە چەندی گوتم من نەبووم، کەچی ئەوان زۆر لێم تووڕە بوون و بردیانەوە ماڵێ و ئەوەندەش نا، شکاتیشیان لێ کردم، ئەو ڕۆژە ئەو منداڵە هەر نەهاتەوە کۆڵانێ، دواتریش کە دیتمەوە ئەو دەیزانی من نەبووم، بۆیە یەکسەر هاتەوە لام و دەستمان بەگەمان کردەوە.

گەمانێک لە نێو کۆڵان و کۆڵانێک خۆشترین شوێنی منداڵی، لەوێ شتی نوێ فێردەبووین و لەپاڵ وشەی نوێدا جنێوی نوێ و شەڕە گەڕەک و بەرد هاویشتن و دارلاستیق و قۆچەقانێ و دەرچوون و دوور کەوتنەوە لە ماڵێ، دەچووینە ڕۆخی کۆڵانەکانی دی و منداڵی نوێمان دەدی، دەچووینە ڕۆخی بازاڕ و نەماندەوێرا بچینە ناوی لەبەر بزر بوون، خێرا بە ڕۆژانەکەمان چەند کەلایەکمان دەکڕی، زوو دەگەڕاینەوە و خەریکی هەڵماتێن دەبووین، جیهانی ئەو کاتی منداڵی پڕ لە سادەیی و لە خۆشەویستی و دوور لە کینە و ئیرەیی بوو.

بەهار هات و لەگەڵ ئەو برادەرەم خەریکی گەمان بووین و ئەو زۆر جاران ڕادەوەستا و هەر دەستی لە دەمی دەنا، تا پێی گوتم: نازانم بۆ ددانێکم شل شلە، هەر دێت و دەچێ، منیش کە دەستم دایە وەک ددانەکەی پاری من دەلەقی یەکسەر ڕێگەکەی بابم بەبیر هاتەوە، ئەو چی گوت و چۆنی کرد، منیش وامکرد، هەرکە ددانەکەم ڕاکێشا و دەرم هێنا، چریکەیەکی لێ هەڵسا دارتێلەکانی لەراندەوە، بەگریان و ڕاکردن چووەوە ماڵێ، کردییە هەرایەک ئەمنی

شۆک کرد، هێشتا داو و ددانەکەم بەدەستەوە بوو کە دایک و بابی گەیشتنە سەرم، پێم وابوو دەستخۆشیم لێ دەکەن و وەک دایکم و کەسەکانم پێدەکەنن، کەچی پێچەوانەی ئەوان بە جۆرێک لێم تووڕەبوون زراوم چوو، ئاخر ئەوان کە دیمەنی پەتێک و ددانێکی پێوەهەڵواسراویان بە دەستمەوە دیت، ئاگر لە نێوچەوانیان باری، ئەم جارەیان نەک هەر لێم تووڕە بوون، زللەیەکیان لە بناگوێم دا و دەستیان گرتم و بەو دیمەنەوە ئەمنیان بردە بەردەمی دایکم، ئەویش گوتی: بە قوربانی کوڕەکەتانی دەکەم، منداڵە نەیزانیوە و ئیدی ئەو قسانەی بۆ کردن و بەڕێی کردن، ئەوەی ڕاستی بێت دایکم هیچ لێم تووڕە نەبوو، دەیزانی ئاوەکە خۆیان ڕشتوویانە و منیش چوومەتە ناوی، ئەوجار کارێکی هێندە خراپم نەکردووە، منیش تێمابووم باشە خۆ دایک و بابی من کە ددانیان دەرهێنام پێدەکەنین، کەچی دایک و بابی ئەوان تووڕەن، زۆریش تووڕەن، هەر لەکن دایکم بە کوڕەکەیان گوت نابێت تاهەتایە لەگەڵ ئەو قوڕمساغەی گەمان بکەی، ئەوەندەش نا، پێم وابێ هەر لەبەر من بوو هێندەی پێنەچوو خانووەکەیان فرۆشت و لە گەڕەکێکی دی خانوویان کڕی، ئیدی ئەوان خاوێنترین پێوەندییان لێکدابڕی و منیشیان تەنیا کرد،

ئێ منیش زۆر بە غەمباری ددانەکەی ئەویشم بردە تەنیشت ددانەکەی خۆم و لە کەلێنی دیوارە گڵێنەکە شاردمەوە، تا ئەگەر لە قیامەتیش داوایان لێکردینەوە بەیەکەوە بچین و ددانەکان بێنینەوە.

* * *

جێهێشتنی منداڵیی، وەک جێهێشتنی ئەو کەسە نزیکانەیە کە کۆچی هەتا هەتایی دەکەن و هەرگیز نایانبینینەوە، مەگەر بەسەر یادەوەرییەکانیاندا بچینەوە، منداڵی ئەو چیرۆکانەن کە وەک خواردن گەشە بە هزر و جەستە دەدەن، دەبنە کەرەستەی گەورە بوون و ئایندەت بۆ سانا دەکەن، زوو تێدەپەڕن، وەلێ بۆ هەتاهەتایە کاریگەری خۆیان لەسەرت جێ دەهێڵن، کەمێک گەورەتر بووین و چووینە قوتابخانە، لەوێ ڕاستە زۆر شت فێر بووین، وەلێ لە زیندان دەچوو، هەر مامۆستایەک دەهاتە پۆل دارێکی بەدەستەوە بوو، بە زۆر وانەکانیان فێر دەکردین، جا حەزت لێبا و لێ نەبا دەبوو لەبەری کەی، ئەمن سەرم سووڕمابوو، باشە خۆ ئایەت و ئینشای عەرەبی هیچی تێ نەدەگەیشتین، بۆ دەبوو لەبەری کەین؟ خۆ ئەگەر نەشمان زانیبا دارکاری دەکراین، ئەوەندەش نا، قوتابییەک لە پۆلدا هەڵەی کردبا و مامۆستا نەیزانیبا کێیە، هەموومانی دارکاری دەکرد، زیرەک و تەمبەڵەکان هەژار و دەوڵەمەندەکان، عەجوول و ئارامەکان، لە قوتابخانەکانی ئەو کاتدا ئێسکەکانمان ئی کەسەکانمان و گۆشتمان ئی مامۆستا بوو، بۆیە زۆر زوو لە قوتابخانە بێزار دەبووین و سەد خۆزگەمان بەماڵەوە دەخواست، کە پێشتر بە زیندانمان دادەنا و ڕاماندەکردە کۆڵان، بەڵێ گەمانی منداڵی کە خۆشترین ساتەوەختی ژیانە جێمان هێشت، بەڵام فێرە گەمانی ڕاستەقینە بووین، ئەو گەمە مەترسیدارانەی ژیانمانی لەسەر بەند بوو، بێجگە لە وانەکانی قوتابخانە دەبوو وانەی نیشتمانی و خۆشەویستی خاک لەوانی دی وەرگرین و هەر لەبەر کردن نەبوو، دەبوو جێبەجێیان کەین، نەوەیەک بووین ئەرکمان تا بڵێی قورس بوو.

گەورە بووین و گەیشتینە قۆناغی ناوەندی، ئەو منداڵەی دەساڵ لەمەوبەر جیرانمان بوو و لەبەر منی بێخەتا ماڵیان گواستەوە، بەیەک گەیشتینەوە، ئاخر ئەو وەک من گەورە بووبوو، دەیتوانی ڕاست و چەپی خۆی لێک جیا بکاتەوە،

ئەو منداڵە کە بەگەنجی دیتمەوە، کەوتینە یەک پۆل، تەنانەت دواتر لەسەر یەک کورسیش دادەنیشتین، ئەو ناوی پشکۆ بوو، سەرەتا کە یەکتریمان دیت من بەترسەوە تەماشام دەکرد، بەڕاستی هەستم بە تاوان دەکرد، کەچی ئەو هات و تۆقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و گوتی: دەزانم لە هیچ کام لەو گەمانەی منی تێدا بریندار بووم تۆ خەتات نەبوو، کەچی چەندی بە دایک و بابم دەگوت دەیانگوت نا ئەتۆ خووت بە کۆڵانەوە گرتووە، هەر دەتەوێ بچیەوە وێ، بۆیە بەرگری لێ دەکەی.

دەی کەوتینە تەنیشت یەک و ڕۆژێک بردمەوە گەڕەکەکەی خۆمان و هەموو یادەوەرییەکانی منداڵی بیر هاتەوە، شوێنی ددانەکەشم پیشان دا و زۆر پێکەنی، قۆڵی لە قۆڵم کرد و منی بردەوە ماڵی خۆیان و بە دایک و بابی ناساندمەوە و سوێندی بۆ خواردن کە ئەمن هیچ خەتایەکم نەبووە، باوەڕیان کرد و هەردووکیان ماچیان کردم، هەواڵی ماڵباتەکەمیان پرسی و بەڵێنی سەردانیشیان دا.

لەبیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم کە گەیشتینە قۆناغی ناوەندی لەجیاتی گەمان، لەپاڵ خوێندن خەریکی سیاسەت بووین، ئەو کاتی ڕێکخراوەکانی شاخ ڕەگیان گەیشتبووە هەموو ماڵێک، هەموو قوتابخانە و پۆلێک، وەک قەڵەم و دەفتەر بووبوونە پێداویستی، خۆ نەماندەزانی سیاسەت چییە، کەچی دەمانکرد، چەندی داگیرکەرەکان گوشاریان لەسەرمان زیاتر با، ئێمەش زیاتر دەچووینە نێو قووڵایی ئەو سیاسەتەوەی تێی نەدەگەیشتین، لە ماڵەوە و لە قوتابخانەش هەر باس باسی بێگانەکان و چوونە شاخ بوو، تا ڕەگی ئەو سیاسەتە لەنێو خێزانەکان بڵاو بووەوە و گەیشتە نێو دەمارەکانمان، کچ و ژنەکانیش بەشدار دەبوون و کۆبوونەوەیان پێ دەکرا، ئابوونەیان دەدا و کاغەز و ماغەزیان پێ دەگواستنەوە، ئەوەندەش نا، سیاسەت چووە سەرتر و هزریشی داگیرکردین.

من و ئەو هاوڕێیەی منداڵیش تووشی سیاسەت بووین و لەبری گەمان بە کەلا و دارلاستیق و هەلوکێن بکەین، ڕۆژانە دەمانخوێند و شەوانەش لە کۆڵانەکان لەنێو بازاڕ و شوێنە مەترسیدارەکان چەک و نارنجۆکی ڕاستەقینەمان بەکار دەهێنا، ڕەگی سیاسەت بە جۆرێک گەیشتبووە نێو خوێنمانەوە، شەوانە دەکوڵی و دەبوو ساردی کەینەوە.

شەوێک لەو شەوە تاریک و تنۆکانە بەبێ چەک، بۆ چاوساغی و ڕێ پاکردنەوە لەگەڵ ئەو برادەرە بۆ هێنانی پێشمەرگە بۆ نێو شار گەیشتینە شوێنی دیاری کراو، لەوێ پێیان گوتین کەس ڕاینەگرتن؟

ئێمەش گوتمان نا کەسمان نەدی.

تومەز ئەوان دەیانزانی بۆسەی دوژمن هەیە، بۆیە ئێمەیان بە ناوەڕاستی شەقامدا بەڕێ کرد و خۆیشیان بە پەنای دیوارەکانەوە و دوور لە یەکتری بە دوومانەوە بوون، لەپڕ گوێم لە قیفێک بوو، ئێمەش فێر کرابووین لەو کاتانەدا نەجوولێین، ڕاوەستاین و هێشتا دەستمان بەرز نەکردبووەوە بوو بە تەقە ڕێک هەردووکمان خۆمان بە زەویدا دا، بە چاوی خۆم دیتم چەند فیشەکێکی ئاگردار بەنێو ئێمەدا تێپەڕی، تەقە لە هەموو لایەکەوە وەک ڕێژنەباران دەباری، ویزەی گوللەکان بەسەر سەرمانەوە دەتگوت هێلانە زەردەواڵەن، هەرایەک بوو نەبێتەوە، پێشمەرگەکان بۆسەکەی دوژمنیان شکاند و چەند لاشەیەکیشیان پێ بەجێهێشتن، هاتنە سەر ئێمە و تەماشایان کرد برادەرەکەم زۆر بە سەختی بریندارە و منیش فیشەکێک سەرچیغ ڕانی ڕووشاندووم، ڕێک لەم

ساتەدا هەموو بیرەوەری منداڵیم هاتەوە یاد، گریان ئەوکی گرتم، ئەگەر لەبەر پێشمەرگەکان نەبا، بە جۆرێک دەگریام هەموو شارم ئاگادار دەکردەوە.

خەڵکی گەڕەک کە زانییان بۆسەکە تێکشکاوە و پێشمەرگەکان بانگی یەکتری دەکەن، تەواوی ماڵەکان ڕووناک بوونەوە، هەر لە بەردەرگەی ماڵێک نازانم چۆن بوو، بەڵام دەزانم جێبێکیان هێنا و برادەرەکەم و من و دوو پێشمەرگەی برینداریان سوار کرد و ئێمەیان بردە ماڵێکی نهێنی کە لە دەستەچەپی شار بوو، لەوێ خەریکی تیمارکردنمان بوون، پێشمەرگەیەک و برادەرەکەم شەهید بوون و ڕانی منیشیان پێچایەوە، لەو کاتەیدا شەرمم شکا، لەسەر برادەرەکەم زۆر بە کوڵ دەگریام، بیرم لە ڕابوردوو دەکردەوە و ئازاری هەموو دنیا لەنێو دەمارەکانمدا قوڵپی دەدا، خۆزگەم دەخواست من بوومایە و ئەو تاقانەیە نەبا، ڕەنگی سپی سپی بووبوو، ڕوومەتەکانیم دەلستەوە و هەرچیم دەکرد چاویم پێ دانەدەخرا، هەستم بە تەنیاییەکی سەخت کرد، وەک ئەو ڕۆژەی ماڵی برادەرەکەم باری کرد و بە تەنیا مامەوە، هەستم دەکرد گوللەکان زۆر نامەرد بوون ئەویان پێکاوە و خۆیان لە من پاراستووە، ڕێک لەو کاتانەدا بوو بابی بە چەک و تاقم تفەنگەوە گەیشتە سەر لاشەی کوڕە شەهیدەکەی و یەکەم کەس کە دیتی وەک برا بۆ کوڕەکەی دەگریام و منیش بە دەموچاوێکی گریاناوی، بە تەوێڵێکی خوێناوی لە جیاتی ئارەقە فرمێسکی خوێنینم دەڕشت، چاوەڕێی ئەوە بووم بە هەموو هێزی هەروەک دە ساڵ لەمەوبەر یەک زللەم لێدات و کەفوکوڵی خۆی بە مندا بڕێژێ، کەچی باوەشی لێدام و گوتی:

کوڕم خۆ تۆ باشی؟

باوەشێکی گەرمی لێدام و لەجیاتی زللە هەردوو ڕوومەتی ماچ کردم، هەستم بە فرمێسکەکانی کرد کە بە لاملمدا دێنە خوارێ، باوەشێک زۆر لە ئی بابم گەرمتر، زۆر لە ئی دایکم بەسۆزتر.

ئیدی منیش لەنێو تەنیایی خۆمدا خەریکی توانەوە بووم، شەرمم دەکرد من زیندووم و برادەرەکەم شەهید بوو، هەستم دەکرد دەمارەکانم تێک دەئاڵێن و چیدی ناتوانم خۆم بە پێوە بگرم، خوێن و خەم بە سەرمدا زاڵ بوون و هۆشم لە خۆم نەما، کە چاوم کردەوە ڕۆژ بووبووەوە و کەسەکانم لە سەرم بوون، کە تەواو هەموو ڕووداوەکانم بیر هاتەوە هەستامەوە و بابم تەواوی ڕووداوەکانی بۆ باس کردم.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئەوەی کەس هەست بە بزر بوونم نەکات، چوومە قوتابخانە، هەر کە خۆم بە پۆلەکەمدا کرد دیتم هەمووان دوو دوو لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون تەنیا جێگەی پشکۆ چۆڵ بوو، قوڵپی گریان ئەوکی گرتم و بەبێ ئیزن هەستام و ڕۆیشتم، پێش ئەوەی بگەمەوە ماڵێ هەر لە کۆڵانەوە فرمێسکی تەنیایی ڕژان و غەمێکی قووڵ ناوەوەی هەڵتەکاندم، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەو فرمێسکانە کە ناوم ناون (فرمێسکی تەنیایی) زۆر جاران لە خۆیانەوە دێنە خوارێ، هەر منداڵێک ببینم کەلایانێ دەکات، یان هەلوکێن و قەراقەرایان دەکات یەکسەر فرمێسکەکان دەڕژێن، خۆ کە بەفر دەبارێ، ئەمن هەر لە ژوورێ نایەمە دەرێ و هەر منداڵێکیشم بڵێ ددانم دەلەقێ گوێی خۆم دەگرم و ئەو ناوە جێ دێڵم.

ئێستا تاقە یادگاری پشکۆ لەلای من ددانە وردیلەکەیەتی، کە بەتەنیشت ددانەکەی منەوە خەوتووە و زوو زوو سەردانی دەکەم.

٢٠٢٥